The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

## بۆ بەردەم تێکڕای ئەندامانی ناوەندی هەڵەبجە لە هەردو باڵە لەیەکتر دابڕاوەکان
## بۆ بەردەم ڕای گشتی خەڵکی کوردستان

1- لە ئەنجامی ئەو قەیرانەی ناوەندی هەڵەبجە (چاک) دووچاری بوو بوو، چاک لە بەریتانیا لە ڕێکەوتی 26-07-07 بڕیاری بێلایەنی خۆی لە کێشەکان ڕاگەیاند و پەیوەندیەکانی خۆی هەڵواسیبوون و بڕیاری دابوو تا بەستنی کۆنگرە یا چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، کەس مافی ئەوەی نەبێ لەسەر هیچ بنەمایەک پەیوەندی بە کۆمیتەی بەریتانیاوە بکات، ئەگەر بشکرێ گوێ لە هیچ کەس و لایەنێک ناگیرێ.

2- دوای ئەوەی کێشەکان ئاڵۆزتر بوون و بە لەیەکتر ترازان دڵی ناحەزانی خۆشکرد، چاوەڕێی هەردوو لایەن بووین پڕۆژەی خۆیان بۆ داهاتوو و بۆ گەیشتن بە چارەسەری لایەق و گوونجاو، بەداخەوە باڵی برادەرانی جێگری بەڕێوەبەر کاک سالار سۆفی نە هیچ پڕۆژەیەکیان خستە ڕوو، نە هیچ ئەلتەرناتیڤێکیشیان بۆ چاک/ بەریتانیا خستە ڕوو. تەنانەت نەشیان پرسیەوە ئێوە بەتەمای چین، بێجگە لە جاروبار باسکردنی بێلایەنی و دووری چاک / بەرتانیا لە بەیاننامە و ڕاگەیاندنیاندا.

3- ئەوەی کە ئێمەش وەکو لە بەیانەکەدا ئاماژەمان پێکردبوو، هەڵواسینی پەیوەندی خۆمان تا ڕاگەیاندنی چارەسەرێک هەڵواسیبوو یا بەستنی کۆنگرە، لەو ڕوانگەیەشەوە برادەرانی بەرپرسی گشتی ناوەند عەلی مەحمود پێشنیاری کۆنگرەیان کرد، ئەوکاتیش بەلامانەوە کارێکی گوونجاو بوو بۆ دەرچوون لەو هەموو ئیشکالیەتانەی کە لە نێوان هەردوو باڵەکەدا هاتبوونە ئارا. ناشکرێ لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژەیە ئەو لایەنە یا لایەنی تر ڕایگەیاندووە لە ناوەرۆکی بەتاڵ بکرێتەوە و ڕەدبکرێتەوە. خۆ باشترین مینبەریش بۆ قسە لەسەرکردن و گەیشتن بە چارەسەر کۆنگرەی گشتیە، لە ڕووی بەیەکتر گەیشتن لە یەک شوێن و بوونی دەسەڵاتیش لەو کۆبوونەوە مەزنەدا کە پێی دەڵێن کۆنگرە و ڕێکەوتنی لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆی ناوەند.

4- ئەمڕۆ لە دەرەنجامی نەبوونی هیچ چارەسەرێک لە لایەن گروپی یەکەم و پێشنیاری کۆنگرە بۆ دەرچوون لە قەیرانەکان لە لایەن باڵی دوەم، ئێمە لە بەریتانیا دوای گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و بیرکردنەوە لە چارەسەر، بینیمان کە وەستانمان لەو نێوەندەدا نە لە بەرژەوەندی گشتی و نە لە بەرژەوەندی چاک/ بەرتانیاشە. بۆیە بڕیارماندا بچین بۆ کۆنگرە. نەک وەکو بەشێک لە باڵی بەرپرسی بەڕێوەبەر، بەڵکو بە بێلایەنی و گەڕان بەدوای دەرچوون لە قەیرانەکان.

5- هەر لەو پێودانگەشەوە، پێمان وایە چوون بۆ ئەو کۆنگرەیە دوا چارەسەر و دوا تیشکی ڕووناکیە بۆ سنووردانان بۆ گەڕەلاوژێیەکان. هەر بۆیە داوا لە هەردوو لایەن و هەموو ئەو بەڕێزانەش دەکەین کە لەو نێوەندەدا ماونەتەوە یا دابڕاون، بە بێ ئەوەی لە دەرەنجامەکان بترسن، با بێن بۆ کۆنگرە و لەوێ هەموو لایەک قسەو باسی خۆی بکات و بگەینە چارەسەری گوونجاو بۆ قەیرانەکان. ئێمەش بەڵێن دەدەین پارسەنگی بە ویژدان بین بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەی باش.

6- دووپاتی دەکەینەوە، ئەوانەی کە گلەییان هەبووە و هەیە لە بەرامبەر یەکتر و لەسەر کاری گشتی ناوەندی چاک. بۆ ئەوەی گلەییەکانیان بەبادا نەڕۆن و کەسیش لەو نێوەندەدا چەواشە نەبێ، داوا دەکەین چاکی مەردایەتی لێبکەن و

بێنه پێشەوە بۆ خستنە ڕووی ڕاستیەکان و جارێکی تر گێڕاندنەوەی زەردەخەنە بۆ هەموو ئەوانەی نائومێد بوون لەو گەڕەلاوژێیە. ئێمەش قورسایی خۆمان بە شێوەیەکی دادوەرانە و بێلایەنانە لە خزمەتی ناوەندا دەخەینە گەڕ. بەستنی کۆنگرەش باشترین زەمانەتە بۆ جێگیرکردنی مافەکان و نوێکردنەوەی بەرپرسیاریەتی و پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکوڕیەکان. کۆنگرە لەبارترین پێشنیاری گونجاوە لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆدا. لە ئێستاشەوە ڕایدەگەیەنین کە ئێمە بەتەواوی پابەندبوونی خۆمان بە دەرەنجامەکانی کۆنگرە دووپات دەکەینەوە.

7- ئێمە 6 کەسمان ئامادەن بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن و بەشداریەکی چالاکانەش لە ئیشوکارەکاندا بکەن.

سەربەرزی هەر بۆ شەهیدانی کیمیابارن و جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان

چاک/ بەریتانیا

07-11-10